# فيدراليزم. . خەياڵێكی خۆش و واقعێكی رفۆك!

شەماڵ حەوێزی

له وەتای پەرلەمانی كوردستان له 10/6/ 1992 بڕياری له سەر فيدراليزم داوه، وەكو شێوازی ڕێكخستنی پێكەوه ژيانی كورد و عەرەب له چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا ئەوا گەلی كورد پتر له ده ساڵه ئەم شێوه ڕێكخستنه پەيوەندييه بەكاردێنێ بۆ پێكەوه حەوانەوه لەگەڵ پارچەكانی ديكەی ئەو دەوڵەتەی به عێراق ناسراوه.

ئاشكرايه كه بەشێكی زۆری كوردستانی باشوور له ماوەی ده ساڵی رابوردوودا له سايەی سيستمێكی فيدرالی (بگره نيمچه سەربەخۆ) ژيا و گەلی كوردستان پتر لەوەی فيدراليزم بۆی مەيسەر دەكات هەيبو، بەلام له هيكرا دوای دارمانی دەوڵەتی عێراق ئەوەی له كوردستان بەدەست هاتبوو كه تا لێواری دەوڵەتی سەربەخۆ بوو، كەوته بەر هەڕەشەی هەرەس و نەمان. هەر چەنده به پێی مەنتيق دەبووايه به پێچەوانه بووايه، هيچ نەبێت لەبەر ئەوەی كورد تاكه لايەنی سەر گۆرەپانەكه بوو كه به هەموو توانايەكی وبه تێكرای ڕای رەسمی و خەڵكيی به راشكاوی له سەنگەری هاوپەيمانان بوو له پرۆسەی ئازادی عێراق دا. ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا جەختی لەسەر بكەين ئەوەيه كه ميللەتی كورد ئەزموونی فيدراليزمی تاقيكردەوه (هەرچەنده لەسەر تەواوی خاكی كوردستانی باشوور نەبوو و بەرەزامەندی حكومەتی عيراقيش نەبوو) بەلام ئەو دەسەلاته سياسييەی له ماوەی ده ساڵی رابوردوو كورد هەيبوو فيدراليزم بوو بەزيادیشەوه.

رووداوەكانی دوای روخاندنی رژێمی دكتاتۆری سەلماندیان كه فيدراليزم له دەوڵەتێكی داخراو و كۆمەڵگەيەكی دواكەوتووی وەكو عێراق چەنده لاواز و بێهێزه بەرامبەر هەر گۆڕانێك له ناوەند (بەغدا) روودەدات، لەم سێ چوار مانگه بەدەركەوت كه كوردستانی فيدرال نەيتوانی له بەرامبەر شەپۆلی پاشاگەردانی وتاك سيستمی ومۆركی عێراقيبوون ديفاع له خۆی بكات، پێی نەكرا وەكو رووبارێكی روون و بێگەرد تێكەڵ به رووباره لێڵ و لێخنەكەی عێراق نەبێتەوه، فيدراليزم نەيتوانی وناشتوانێ ئەو شووره قايمه بێت كه كوردستان و كورد له هێرشی كولتوری و ئابووری و سياسيی دەوڵەته دراوسێكان به تايبەتيش عێراق بپارێزێت و مۆرك و ناسنامەی سەربەخۆی كورد بپارێزێت.

كورد هەميشه ترسێكی رەوای سەبارەت ئۆتۆنۆمی هەبووه و ئێستاش سەبارەت فيدراليزم هەيەتی ئەويش ئەوەيه" " هەر كاتێك له بەغدا باران باری دەبێت كورد له كوردستان چەتر هەڵدات" واته هەر گۆڕانێك بەسەر دەسەلاتی ناوەندی دابێت جا به شێوازی ئاشتيانه بێت يان به توندونيژانه، ئەوا راستەوخۆ كار دەكاته سەر ئەو فيدراليزمه بێ حەصانەيەی كوردستان هەيەتی له چوارچێوەی عێراقيكی يەكگرتوو دا. هيچ گەرەنتييەكيش نييه كوردستان له سلبياتەكاتی ئەو گۆرانكارييه بپارێزێت كه له ناوچەيەكی ديكەی دەوڵەتی عيراق رووەدەدات و ديسان گەلی كورد توشی هەمان بارودۆخ و تاس وحەمامی جاران دەكاتەوه و شۆفينسته عەرەبەكان به پەنابردنه بەر دروشمه كۆنەكانيان:" يەكپارچەيی خاكی عێراق، سەروەری نيشتمانی، مەسەلەی كورد گرفتێكی ناوخۆييه" دەرفەتيان بۆ دەرەخسێتەوه تا جارێكی ديكه ريسەكەمان لێ بكەنەوه خوری و به ئاسانی له ژێر ئەم دروشمه به ناوەرۆك عروبەيی و شۆفينستيانەياندا و به پشتيوانی گەرمی ولاته ئيقليمييەكان هەرچی كورد به دەستی هێناوه زەوتی بكەنەوه و جارێكی ديكەش وەكو دەيان جاری پێشوو بزوتنەوەی رزگاريخوازی كورد مايه پووچ بكەن.

سەرەنجام پێويسته ئەو راستييه دەرك بكەين كه فيدراليزم له دەوڵەتی ترەكەڵەكی عێراق و كۆمەڵگه دواكەوتووەكەيدا دەسكەوتێك و چارەسەرێكی بێ دەسەلاته وناتوانێ ديفاع له خۆی بكات له ئاست هەڕەشه و پەلامارەكانی دەوڵەتی ناوەندی، ئێستا كاتی ئەوەيه كه گەلی كورد و بزوتنەوەی سياسيی كورد به داوای چارەسەرێكی ئەوتۆ بگەڕێن كه بتوانی ديفاع له خۆی بكات ئەگەر هاتوو توشی مەترسيی پاشگەزبوونەوه و حاشالێكردن و پەلامار دان هات.

مەرجێكی سەرەكی سەركەوتنی ئەم چارەسەره (شێوەی تازەی ڕێكخستنەوەی پەيوەندی كورستان وعێراق) بريتييه له بوونی پشتيوانييەكی نێودەوڵەتيی، تاكو جارێكی ديكه به بيانووی دەستێوەرنەدان له كاروباری ناوخۆيی ولات و وپاراستنی يەكپارچەيی خاكی عێراق وسەروەری نيشتمانيی مافی كورد پێشێل نەكرێت و ئەو مافەی بۆ دەستەبەر بكرێت كه له كاتی تەنگانه بتوانێت داوا له هاوپەيمانان

(تەحالوف) بكات بە هانايەوە بێن، بیگومان ئەو شێوە چارەسەرەی توانای دیفاع كردنی لە خۆی هەبێت، نابێت كيانێك بێت لە چوارچیوەی دەوڵەتی عێراق دا بەند كرابێت، بەڵكو پێویستە لە ئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەست كراوە بێت و ئیعتراف بە بوونی كرا بێت بە پێی بەڵگەنامەیەكی نوسراو، ئەویش لە ئەنجامی ریفراندۆمێك بۆ برپیاردان لەسەر چارەنووسی گەلی كورد بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سازمانی نەتەوە یەكگرتووەكان بەدەست دێت. ئەمەیش گرنگترین مەرجە كە دەبێ لە شێوەی داڕشتنەوەی پەیوەندی كوردستان و عێراق دا هەبێت تاكو بتوانێت دیفاع لە خۆی بكات و لە هەمان كاتیشدا باشترین گەرەنتییە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسكەوتەكانی راپەڕین و دووپات نەبوونەوەی كارەسات وستەمی نەتەوەیی.

بۆ بەرژەوەندی ئێستا وداهاتووی گەلی كورد لە كوردستانی باشوور و گەلی عەرەب لە عێراق وا باش و مەصلەحەتە هەر لە ئێستاوە سۆسەی شێوازێك بكەن بۆ دامەزراندنەوەی پەیوەندی خۆیان كە دوای دە پانزە ساڵی دیكە لێی پەشیمان نەبنەوە و لە سفرەوە دەست پێنەكەنەوە. پێویستە سەران و خەڵكی هەردوولا بوێرانە و واقعیانە بیر لە ئیمكانییەتی پێكەوە ژیانی ئەم دوو گەلە لێك جیاوازە لەهەموو شت (نیشتمان، رەگەز، زمان، مێژوو، رەهەندی نەتەوەیی وخاك، كولتوور، داب و نەریت، سروشت، تێگەیشتن لە ئیسلام) بكەنەوە كە مەحاڵە بتوانن دوای ئەم هەموو كارەسات و كاولكاری و شاڵاوی تەعریب و راگوێزان وئەنفال و كوشتارەی بە درێژایی 82 ساڵ بەسەر كورد و كوردستان داهات لە چواچیوەی یەك دەوڵەتدا پێكەوە ئۆقرە بگرن، ئایا بە پێی ئەقڵ و مەنتیق باشتر وانییە هەر دوولا بەتایبەتیش نەتەوەی عەرەبی باڵادەست دان بە مافی دیاكردنی چارەنووسی كورد بنێت بە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستانی سەربەخۆشەوە لە سەر تەواوی خاكی كوردستانی باشوور، كاتی ئەوەش هاتووە سەركردایەتی سیاسیی كورد ئەم داوایە رەوایە مێژووییەی كورد بخاتە بەر باس و دانوستان لەگەڵ كەسایەتییە عەرەبەكانی عێراق و دەسەلأتی باڵای هاوپەیمانان.

دامەزراندنی دوو دەوڵەتی دراوسێ یەكێك لە كوردستان ئەوی تر لە عێراق لە سەر دارو پەردووی دەوڵەتی داڕماو و بەزۆر پێكەوەندراوی عێراق گەورەترین سوود بە هەردوو گەل دەگەیەنێت و لە بەرژەوەندی ستراتیجی هەدوولایە و تا هەتایەش كۆتایی بەم كێشەیە دێنێت، كە هەر هەموو گـــــــەلانی عێراق بە هۆی چارەسەر نەكردنی بە شێوەیەكی رەوا و دیموكراتیانە لێی زەرەرمەند بوون.

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.